قەیس قاسم ئەلعجرەش

W.H.Auden

# ئۆدن... شاعیری شۆڕش و دەروێشی

و: عاسی زەنگەنە

ئۆدن لە خێزانێکی وەهادا هاتووەتە دنیاوە کە هەموو پزیشک بوون و هۆکارێکیش بوو کە کاری کردە سەر شێوەی بیرکردنەوەی ئەم منداڵە کە وەک گوێگرێکی بلیمەتی ژێر لە بواری زانستیدا.



دەنگی شاعیری ئینگلیزی "ویستان هیو أودن" W.H.Auden لە چارەگەی یەکەمی سەدەی رابردوودا بۆنی مارکسیەتی شۆڕشگێڕی لێوە دەهات بە شایەتی ئەو نەوە رووناکبیرانەی کە لەو سەردەمەدا دەژیان.

ئۆدن یەکێکە لەو رووناکبیرانەی کە جاڕی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەدا داوای لە کۆمەڵگە دەکرد دەبێت پێشکەون کە لەو سەردەمەدا کۆمەڵگەی ئینگلیزی زۆر پێویستی پێی بوو.

لە هۆنراوەکانیدا زۆر پرسیاری گەورەی هێنابووە ئاراوە کۆمەڵگەی ئینگلیزی زۆر لێی بێدەنگ بوون بە هۆی ئەوەی کە پابەند بوون بەو ئورستقراتییەی کە خزمەتی چینی دەسەڵاتداری دەکرد و سنووری تایبەتمەندیی خۆی هەبوو و باوەڕیان بە جیاوازی چینایەتی هەیە.

گرینگییەکی زۆری دەدا بە هۆنراوەکانی بۆ ئەوەی ببنە دەنگێکی راستی و گەرموگوڕ ئەوەشی لێ بەدی دەکرا کە دەتوانین بڵێین وەک مرۆڤێک وایە کە بەرانبەر بە ئاوێنەیەک وەستابێت و گفتوگۆ لەگەڵ خۆیدا بکات. یان کەسێک خۆی لەگەڵ خۆیدا بدوێت.

هەروەها هۆنراوەکی سادە و ساکار بوون هیچ لە هەوڵی ئەوەدا نەبوو کە رواڵەتی هۆنراوەکانی بە زەخرەفە و نەخشە برازێنێتەوە کە پیشەی گەورەشاعیرەکانی ئینگلیزی بوو لەو سەردەمەدا.

ئۆدن نوێکردنەوە لە بواری هونەردا و جوانێتی وشە و نەخشە و شێوازەکانی لەوەدایە کە رەخنەیەکی بێلایەنی ئاراستەی هەستی مرۆڤایەتی بکات بۆ ئەوەی ئاوڕ لە خۆی بداتەوە و بگەڕێتەوە بۆ خاوێنێتی دەروون و ئامانجە پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی. ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئەم شاعیرە مارکسییە روو بکاتە ژیانی دەروێشی و دوورەپەرێزی.

ئۆدن لە خێزانێکی وەهادا هاتووەتە دنیاوە کە هەموو پزیشک بوون و هۆکارێکیش بوو کە کاری کردە سەر شێوەی بیرکردنەوەی ئەم منداڵە کە وەک گوێگرێکی بلیمەتی ژیر لە بواری زانستیدا وەک ئاوێنەیەک رەنگدانەوەی هەبوو لە ژیانیدا و کردبووی بە مرۆڤێکی خاوەن زانیاری زۆر.

هۆنراوەکانی تەنیا ئامۆژگاری بوون

**١- ئێوارەیەک کە لەسەر**

**پیتی شەقامی بریستولدا**

پیاسەم دەکرد
چڕی شۆستەکان لەگەڵمدا
بوون
بە گەلە درەو دەچوو
لە نێوان ئەمەدا و لە کەناری
رووبارەکەدا گوێم
لە گۆرانی دڵداران بوو
ئەو گۆرانییەی کە بۆ خۆشەویستییەکی
بێ سنوور دەیانچڕی
خۆشم دەوێی خۆشەویستەکەم
تا ئەو کاتەی کە چین و ئەفەریقیا
بەیەک دەگەن

٢- تاکو رووبارەکان بتوانن
بەسەر هەموو کێوێکدا باز بدەن و
ماسییەکان لە شەقامەکاندا
بچرن
خۆشم دەوێی تاکو کەنارەکان پڕ دەبن لە شەپۆلی دەریا
تاکو ئەو ئاستەی کە
دەیگاتێ.